

# کورد و ئەمریکا
# و
# پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە

مەجید ساڵح

لای چاودێرانی سیاسی ئەو حەقیقەتە ئاشکرایە کە لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم,پێگەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەشێوەیەکی نەك هەربەرچاو,بگرە زۆرکاریگەر دەرکەوت. رەنگە پشتگیری کردن لە دامەزراندنی ئیسرائیل وهێنانەدی خەونی جولەکەکان لە ساڵی 1948, سەرەتایەك بێت بۆ ئەو رۆڵە سەرەکیانەیکە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا تاکو ئێستا لە رووی سیاسیوئابوری وسەربازیەوە لە ناوچەکە دەیبینێت.ئەوەیمایەی تێبینیە ئەوەیە کە زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی جیهانی عەرەب بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بە شێوەیەکی سەرەکیپشتیان بە پشتیوانی ئەمریکاییەکان دەبەست بۆ کونترۆڵکردنی دەسەڵات,نمونەشمان بۆ ئەو حاڵەتە زۆرە ورەنگە ئیشارەت دان بە هاوکاریکردنیئەمریکا لە هاتنە سەردەسەڵاتی بەعس نمونەیەکی نزیکی ئەومەبەستەمان بێت,جگە لەوانەزۆرلە حکومەتەکانی ناوچەکە بەتایبەتی وڵاتانیکەنداوبۆ پاراستنی کورسییەکانیان(نەك هەر بەتاڵە دەزوویەك)وەك معاوییەی کوڕی ئەبو سفیان وەسیەتی بۆکردون,بەڵکوبەهەزاران پەت وگوریس خۆیان گرێداوە بەوستراتیژەیکە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە پەیڕەوی دەکات. ئەگەر تەماشایەکی پەیوەندی نیوان کورد وئەمریکا بکەین,کە لە لە کۆتاییەکانیهەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا سەری هەڵدا, بەداخەوە دەبینین تێگەیشتن ودوربینیئێمەی کورد بو حەقیقەتە زۆر درەنگ کەوت,کاتێکیش پەیوەندیمان گرێدا پەیوەندییەکە زیاتر تاکتیکی بو لەوەی ستراتیژی بێت.هەڵگیرسانی شەڕیعیراق/ئیران لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەیرابردوو,خۆ دۆزینەوەوی کورد لەبەرەیئیرانی تازەدوژمنیئەمریکابوە هۆی پچڕانی ئەوتاڵە دەزووەی پەیوەندییە تاکتیکیەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورد.گرتنیکوەیت لەلایەن سەدام حسێنەوە لەدوویئابی1990دەروازەیەکی تریلەبەردەم پەیوەندی کورد ئەمریکادا کردەوە,هەرچەندەئەمریکاییەکان لە سەرەتادابەهەمان تێڕوانینی جارانەوە دەیانڕوانیە

مەسەلەی کورد لەعێراق,بەڵام زۆری پێنەچووبەهۆی سەرسەختی سەدام حسێن بۆ مانەوە لەسەرکورسی دەسەڵات, گۆڕانێکی بنەڕەتی کەوتەهەڵوێستی ئەمریکاوکورد بوو بە بەشێکی دانەبڕاولەوهاوپەیمانێتیەی کە دژ بەرژێمی بەعس پێك هێنراوتاکو روخانی سەدام حسێن بەردەوام بوو.تاچەندمانگێك لەپاش روخانی سەدام حسێن یش ئەمریکاییەکان بەدیدێکی تاکتییکیانەوەدەیانڕەانیەپەیوەندی نێوان خۆیان وکورد,ئەوان پێیان وابوولەعێراقی پاش سەدام چەندین هاوپەیمانی لەکوردبەهێزترو لەکوردباشتر بۆ خۆیان پەیدا دەکەن,بەڵام رووداوەکانی دوای2003/4/9هەڵەکانی ئەوبۆچوونەی ئیدارەی ئەمریکای سەبارەت بەعێراق دەرخست.ئێستائەمریکاییەکان بەرنامەیەکی گشتگیریان بەدەستەوەیەبۆتێکڕای رۆژهەلآتی ناوەڕاست بەناوی(پرۆژەی رۆژهەلآتی ناوەڕاستی گەورە),لەم پرۆژەیەدا ئەمریکا جگە لەگۆڕینی مەنهەجی خوێندن وپەرەپێدانی ئابوری وگەشەپێدانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وزیاترکردنی رۆڵی ژنان ودیموکراتیزەکردنی حکومەتەکان,دەیەوێت لەم ناوچەیەی کە بەسەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیرۆریزم ناسراوەکەمینە نەتەوەیی وئایینیەکان بگەن بەمافەکانی خۆیان.دەکرێت ئەم پرۆژەییەی ئەمریکا بەپرۆژەیەکی ستراتیژدابنرێت,وەك سەرۆك بۆش لەیەکەم رۆژەکانی پاش یازدەی سپتەمبەر ووتی(یان لەگەلماندان یان دژمانن).عەرەب وفارسەکان پێش ئەوەپرۆژەکەبخوێننەوە رفزیانکرد,بەڵام کورد بەپێچەوانەوە,ئەوپرۆژەییەی نەخوێندەوەو(نە ئەیخوێنێتەوە)بەڵام قەبوڵی کرد.ئەم قەبوڵکردنەش دەرگاییەکی گەورەی لەبەردەم بەستنی هاوپەیمانیەتێکی ستراتیژی لەنێوان کوردوئەمریکادا کردەوە.

پرسیارەکەلەوەدایەئاخۆ کوردتاکەی دەتوانێت درێژە بەوهاوپەیمانیەتە ستراتیژەی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا بدات؟من نەك وەك وەڵامێك بۆ ئەوپرسیارەی خۆم,بەڵکو لەخیلالی تێڕوانینم بۆ واقعی ئێستامان, پێم وایەگەربە پێمان نەکرێت خواستەکانی ئەمریکاکەلەپرۆژەی رۆژهەلآتی ناوەراستداهاتوەبە شێوەیەکی پراکتیکی ودوور لە شکلیات جێبەجێبکەین,ئەوا پاش ئارام بوونەوەی باروودۆخەکە دەگەرێنەوە بۆ سەرەتاکانی پەیوەندیمان لە گەڵ زلهێزیکدا کە بەرنامەدارێژەری نەك جیهان,بەڵکو هەموو گەردوونە.ئەمەش واقعێکەوبمانەوێت ونەمانەوێت نابێ خۆمانی لێغافڵ کەین.